# ١٢ ـ چاوشارکێ (فەشیرکانێ)

« ٢ ـ ١٤ » منداڵ لەم یاریەدا بەشداری ئەکەن کە ئەبن بە دوو بەشی وەکوو یەك ، دوو منداڵ هەر یەکەی لە بەشێکیان « تەزو هیشکانێ » یا « هۆپ هۆپ قەرەتۆپ » ئەکەن ، کامیان سەرکەویت خۆیو هاو بەشەکانی خۆیان ئەشارنەوە بەشەکەی تریش لە سەر قزگەکە « لا دیواریکە » ئەمیننەوەو روویان ئەخەنە دیوارەکە هەتا بەشـەکەیتر بە تەواوی دوور ئەبنەوەو خۆیان ئەشارنەوەو ئەڵێن : « وەرن »

بەشەکەی کە خۆیان شاردەتەوە بە سەر گەزەکەکە یا گوندەکەدا ئەسوڕێن ، بەشەکەی تریش بە دوایاندا ئەگەڕێن . ئەگەر ئەوانیان دۆزیەوە ئەوا بە پیچەوانە بەشەکەیتر لە سـەر قزگەکە ئەمیننەوەو ئەوانیش لە سەریەوە خۆیان ئەشارنەوە . بەلام ئەگەر نەیان دوزنەوە ، ئەوا لە پڕ بەشەکەی خۆیان شاردووەتەوە هێرش ئەبەنە سەر قزگەکەو دەستیان لە دیوارەکە ئەدەن ، یەکێك لە بەشـەکەیتر کە بە دوایاندا ئەگەڕێن لە سـەر قزگەکە ماوەتەوە هێرشیان بۆ ئەبات کە دەستی خۆی لە سەری یەکێکیان بدات پیش ئەوەی دەستی بە دیوارەکە بکەویت . چەنکو دەستی بە سەری هەر یەکێکیان بکەوێ پیش ئەوەی [ قز ] بکات واتە

دەستی خۆی لە دیوارەکە بدات ئەوا هێرش بەرەکان چاویان ئەگرن‌و بەشەکەی‌تر خۆیان ئەشارنەوە ، ئەگەر نەشی توانی دەست لە سەری هیچیکیان بدات ئەوا بەشەکەی‌تر قۆزیان کردووە گاسنیکیان لە بەشەکەی‌تر ئەبێ‌و لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە ئەکەنەوە بە مەرجیك هەر بەشە سەرکەوتووەکە خۆیان ئەشارنەوە .

بەم جۆرە هەتا لە یاری تیر ئەبن کام بەش گاسنی زۆرتر بیت ئەو بەش سەرئەکەویت .